سودانی سەردانەکەی گەترەش بۆ بەغدا بەرز دەنرخێنێت و ستایشی پشتیوانییەکانی بۆ دەزی فەلەستین دەکات

محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران، ستایشی سەردانەکەی ئینتۆنیۆ گەتەرەش سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ بەغدا و ئامادەبوونی لە لوتکەی عەرەبی کرد. گەتەرەشیش دووپاتی کردەوە کە ئاماستەی سەرجەم دەزگا گەورەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە بۆ ئەوەی پاپشتی تەواوی حکومەتی عێراق بکەن.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە بڵاویکردەوە"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ یەکشەممە پشوازی کرد لە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئینتۆنیۆ گەتەرەش و تیدا گرنگترین پرس و دەسیسەکانی هاوکاری نێوان عێراق و وڵاتەکراوە نوودەوڵەتییەکان و هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی دوایین پێشهاتەکانی ناوچەکە تاوتوێکرا.

وتیشی سودانی سەردانەکەی بۆ بەغداد و ئامادەبوونی لە لووتکەی عەرەبی بەرزنرخاند و ئاماژەی بە هەڵوون و بەهێزی کرد لە بەرگریکردن لە مافەکانی گەلان بەتایبەتی پرسی گەلی فەلەستین.

سودانی جەختی لەسەر پەرەپێدانی بەرنامە و پڕۆژە هاوبەشەکانی نێوان عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵی دەزگا سەربەخۆکانی کردەوە، و گەیشتنیان بە قۆناغی جیاجیا لەبواری جیاجیاکاندا و ئاماژەی بەبەردەوامی هاوکارییەکان کرد، لەپێناو بەردەوامبوون لەبەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدان و هووبەووبوونەوەی ئاستەنگەکان.

لە لای خۆیەوە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ستایشی ئاستی نزیکخستنەوەی عەرەبی لە بەغداد و ئەو پێشکەوتن و گەشەسەندنەی کرد، کە پایتەخت لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لێئاستی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنان و ژێرخانی ئابووریدا بەخۆیەوە بینیویەتی و جەختی لەسەر بەردەوامی پشتیوانی پڕۆگەی عەرەبی و ناوچەیی عێراق و هەماهەنگی لەدامەزراندنی ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە کردەوە و ئاماژەی بۆشکرد کە سەرجەم دەزگا سەربەخۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی ڕاسپاردووە بە ئەوەی هەموو پشتیوانییەک پێشکەش بە حکومەتی عێراق بکەن لەووی پلانەکانی گەشەپێدان و هاوکارییەکانی بەرەو بەهێزکردنی هەموو ئەوانەی کە پاپشتی لە ئاسایش و سەقامگیری عێراق دەکات.